بەهێز ئیسماعیل

یاریزانی بۆکسێنی هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراق:

# زۆر جار وەرزشوانە تاکییەکان ئاڵای کوردستان بەرز دەکەنەوە، کەچی حکومەت پشتگیرییان ناکات

لە ئێستادا یاری بۆکسێن لە شارەکانی کوردستان لە چاو یارییەکانی دیکە لە ئاستێکی وا بەرزدا نییە، بەڵام شارەکانی کوردستان خاوەنی ژمارەیەك لە یاریزانانی بەتوانان لەم یارییەدا و تاکو ئێستا بەردەوامن لە گرنگیدان بەم یاریزانانە، بەهێز ئیسماعیل لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٣ی شاری هەولێرە یاریزانی بۆکسێنی بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێرە و یەکێکە لەو یاریزانانەی کە تاکو ئێستا لە چەندین پاڵەوانیەتی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەرەوە بەشداری کردووە و ئەنجامی شایستەی بەدەست هێناوە. بەهۆی ئاستی بەرزیەوە باوکی بەردەوام لەسەر گیرفان و ئەرکی خۆی بەشداریی پاڵەوانیەتییەکانی پێ دەکات. ئەو یاریزانە جگە لە لەهەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراق بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکات. گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی لێ کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



***ئاستی یاری بۆکسێن لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-ئەم یارییە گرنگییەکی زۆری پێ نادرێت لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵام لە بنکە وەرزشییەکان هەر گرنگیی خۆی ماوە، من سوپاسی بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر دەکەم کە یاریزانی ئەو بنکەیەم و زیاتر گرنگییان بە ئاستی ئێمە داوە وەکو یاریزان.

*** بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی ئەم یارییە پێت باشە چی بکرێت؟**

- کردنەوەی چەندین قوتابخانەی فێرکردن دەبێتە باشترین دەرفەت بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بچێتە قۆناخی باشتر، بڕواشم هەیە ئەگەر گرنگی بە توانای یاریزانان بدرێت، یاریزانی زۆر ئاست بەرز هەیە لە شارەکانی کوردستان هەن کە دەتوانن ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن.

*** بەشداریکردنت لە پاڵەوانیەتی عێراق لە شاری بەسرە لەسەر ئەرکی خۆت بوو، هۆکاری ئەم بەشداریکردنەت بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

-بۆ ئەوە بوو کە ئەم هەرێمە هیچ خەمخۆری نییە

بۆ وەرزشوانان، دەبێ خۆت خەمی خۆت بخۆی و ناوبانگەکەشت بۆ ئەوان بێ.

*** لەو پاڵەوانیەتییە بەناوی هەولێر بەشداریت کرد، بۆچی داوای خەرجییەکانت لە یانەی هەولێر نەکرد؟**

- سەرۆکی یەکێتییەکەمان دڵێ پارەیان نییە، کە ئەو ئەنجامەش بەدەست هات هیچ رۆژنامە و تەلەفزیۆنێك چاوپێکەوتنیان نەکرد، تەنیا چەند رۆژنامە و گۆڤارێك نەبێ، کەوەکو ئەرکی خۆتان بەم کارە هەستاون، بگرە زۆر کەسیش نازانێ کە ئەم ئەنجامە بەدەست هاتووە، بەڵام ئەگەر کەسێك بناسی، زۆر شتت بۆ دەکرێ و خەڵك دەتناسێ.

*** هۆکاری چی بوو ناوبژیوانانی یاری بۆکسێن لە بەسرە گرفتیان بۆت دروست کرد کە وەکو یاریزانی کورد بووی، دواتریش ئێوەیان ئاشت کردەوە بە راستکردنەوە ئەنجامەکان؟**

-لە نێوانی خۆیان کێبڕکێ هەبوو سەرۆکی یەکێتی مشتەکۆڵە کە کورد بوو کاك بەشار گۆڕا بۆ کاك عەلی تەکلیف، یاریزانانی عێراقیش کاتی خۆی نیازیان وابوو شکست بەم پاڵەوانیەتییە بهێنن، بەڵام سەرۆکی یەکێتییەکە ئەوەی زانی کە ویستیان شکست بەم کارە بهێنن، بۆیە پێش یاری کۆبوونەوەیان بە هەموو ناوبژیوانان کردو گوتی هەرکەسێك زوڵم لە یاریزانێك بکات، سەیری ڤیدیۆکان دەکەین، دوای پێنج خولەك بڕیاری خۆمان دەدەین، بۆ یاری منیش زۆر لە یاریزانە کۆنەکانی عێراقی بە جواب هاتن کە ویستیان غەدرم لێ بکەن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەرم بەجواب هاتن و سوپاسیان دەکەم، هاندەران فیکەیان بۆ ناوبژیوانان لێدا، بەم غەدرەش هەموو عێراق پشتگیری کرد و بووە مایەی ئەوەی کە ئەنجامەکەم چاك بکەنەوە و ببمە یەکەم یاریزانی کورد کە لە هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراق وەربگیرێم، گوتیشان داهاتووی عێراق تۆی.

***بەشداریکردنت لە چەند پاڵەوانیەتییەکی جیهانی بەتایبەت لە وڵاتی ئەڵمانیا و لوبنان لەسەر ئەرکی خۆت بووە، بۆچی لایەنی پەیوەندیدار هاوکاری نەکردوویت؟**

- زۆربەی کات ئاڵای کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەلایەن وەرزشوانە تاکییەکان بەرز دەکرێتەوە، کەچی حکومەت پشتگیری وەرزشوانە تاکییەکان ناکات، بۆ ئەوەی بەردەوام بم لەسەر ئەرکی باوکم بەشداری ئەم پاڵەوانیەتییانەم کردووە ئەنجامی دڵخۆشکەرم بەدەستهێناوە.

*** چ هەستێکت هەیە کە تاکە یاریزانی کوردی لە ئاستی تازە پێگەیشتووان لە هەڵبژاردەی بۆکسێنی عێراقی؟**

-من خۆشحاڵم کە وەکو تاکە منداڵی کورد توانیم ئەو بەربەستە بشکێنم کە لە مشتەکۆڵە هەبووە کە تا ئێستا هیچ منداڵێکی کورد نەیتوانیوە ببێت بە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق.

***بیستومانە تاوەکو ئێستا باوکت بڕی زیاتر لە ٢٠هەزار دۆلاری لێ سەرف کردووی؟**

- بەڵێ، راستە گەورەترین پشتگیریم کە هەموو کات لەگەڵم بووە، باوکمە، خەمخۆر بووە و منی ناردۆتە ئەورووپا و ئاسیا لەسەر گیرفانی خۆی، هەموو کات خۆم بە قەرزاری دەزانم.

*** هیچ یانەیەك داوای یاریکردنی لێ نەکردووی؟**

- زۆر یانە پێی گوتووم بۆ یاریکردن، بەڵام من دەمەوێ بۆ شارەکەی خۆم یاری بکەم.

*** بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە پاڵەوانیەتی لە وڵاتی ئەڵمانیا و لوبنان چ هەستێکی بۆ دروست کردی؟**

-کاتێك کە ئاڵاکەم بەرز دەکردەوە بۆ وڵاتەکەم ئەوەم دەسەڵماند کە ئێمەش وەکو نەتەوەی کورد هەین و دەتوانین وەك هەموو جیهان بوونی خۆمان بسەلمێنین، ئەمەش گەورەترین سەربەرزییە بۆم.

*** پەیامت بۆ بەرپرسانی وەرزشی چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم وەکو باوکم خەمخۆری وەرزش بن، چونکە وەرزشە دەتوانێ وڵاتەکەمان بە جیهان بناسێنێ و داواکارم یارمەتی وەرزشوانان بدەن.

*** وەکو یاریزانێك بەرنامەت و خەونی وەرزشیت چییە؟**

- دەمەوێت وەکو کوردێك ببم بە یەکێك لە پاڵەوانەکانی جیهانی و بتوانم زیاتر گرنگی بە توانای خۆم بدەم و بەردەوام هاوکاری بکرێم بۆ ئەوەی بتوانم لە پاڵەوانیەتییەکی نێودەوڵەتی بەشداری بکەم و ئاڵای کوردستان بەرز بکەمەوە.

***وەك باست کرد باوکت هەمیشە هاوکار و پاڵپشتت بووە، چ پەیامێکت بۆ خانەوادەی یاریزانان هەیە؟**

-زۆر سوپاسی باوکم و خانەوادەکەم دەکەم کە بەردەوام ئەرك دەکێشن بە پاڵپشتیکردنم و سەرفکردنی بڕە پارەیەکی زۆر لە من بۆ ئەوەی لە داهاتوو بتوانم ببمە یاریزانێکی گەورە لە ئاستی عێراق و جیهان و هیوادارم هەموو خانەوادەیەك ئاسانکاری بۆ وەرزشی منداڵەکانیان بکەن.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا بیڵێی؟**

- دەمەوێ سوپاسی گۆڤاری گوڵان بکەم کە بەردەوام وەکو سەربازی ون لە خزمەت چینی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستانن.






# رۆنی

## نیازی گەڕانەوەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرەی هەیە

بە گوێرەی سەرچاوەیەکی راگەیاندنی بەریتانیا واین رۆنی دەگەڕێتەوە سەرکردایەتیکردنی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئینگلتەرە.
رۆژنامەی زسەنی بەریتانی دووپاتیکردووە گاریس ساوزگەیت بەڕێوەبەری هونەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بڕیاریداوە واین رۆنی بانگهێشتی ریزەکانی هەڵبژاردەکە بکاتەوە، هەرچەندە رۆنی لەماوەی رابردوو بڕیاریدا واز لە یارییە نێودەوڵەتیەکان بهێنێت.
سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش کردووە رۆنی گۆڵکاری مێژوویی ئینگلتەرە لە لایەن راهێنەرەوە دەرفەتی پێ دەدرێت لە یارییەکی هەڵبژاردەکە بەشداری بکات وەکو رێزلێنانێك بەرامبەر خز مە تە کا نی .
یارییەکەش لە ١٥ی ئەم مانگە لە یاریگەی وێمبلی لە لەندەن بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەمریکا دەبێت.
رۆنی لە ١١٩یاری بۆ هەڵبژاردەی ئینگلتەرە کردووە و ٥٣ گۆڵیشی تۆمار کردووە، کە ئەم یاریزانە دوایین یاریی خۆی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی لە ساڵی ٢٠١٦ ئەنجامدا.

# ریال مەدرید گرێبەستی لەگەڵ ئەستێرەیەکی ئەرژەنتینی مۆرکرد



بە گوێرەی سەرچاوەکانی راگەیاندن لە ئیسپانیا، یانەی ریال مەدرید بە فەرمی لەگەڵ ئیزیکوێل پالاسیۆی یاریزانی یانەی ریڤەرپلەیت گەیشتە رێککەوتن و ئەم یاریزانەی لە چنگی یانەی بەرشلۆنە دەرهێنا.

ماڵپەری رۆژنامەی ئاسی ئیسپانیا ئاشکرای کردووە، کە ریال مەدرید بە ٢٠ ملیۆن یۆرۆ گرێبەستی بۆ ماوەی ٥ ساڵ لەگەڵ پالاسیۆی ئەرژەنتینی مۆرکردووە و هاوینی داهاتوو بە فەرمی درێسی ریال مەدرید دەپۆشێت.

سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، کە ریال مەدرید لە هەوڵدان بۆ گواستنەوەی پالاسیۆ شکستی بە یانەی بەرشلۆنە هێناوە، بۆ کڕینی ئەم یاریزانە لەسەر هێڵ بوو.

ئیزیکوێل پالاسیۆی تەمەن ٢٠ ساڵ، لە یانەی ریڤەرپلەیتی ئەرژەنتین لەگەڵ تیپی یەکەمی ئەم یانەیە بەشداری ٢٧ یاری کردووە، ٤ گۆڵ و ٥ ئاسیستی هەیە و لە هێڵی ناوەراست یاری دەکات.

# فێدرێر نهێنییەکی ژیانی تایبەتی خۆی ئاشکرا دەکات



رۆجێر فێدرێری سویسری، کە بە ئاستبەرزی و دەستکەوت و نازناوەکانی و کەسایەتییە بەهێزەکەی جێگەی سەرنجی هەموو جیهانە، زانیاریی نوێ دەربارەی ژیانی تایبەتی ئاشکرا دەکات.

فێدرێر سەرەرای ئەوەی ئێستا خاوەنی ٤ منداڵە بەناوەکانی( میلا رۆسێ، چارلێن ریڤا، لێنی و لیۆ) ئامادەنییە تەنانەت یەک شەویش بەبێ هاوژینەکەی بخەوێت، کە میرکا ڤاڤرینسی یاریزانی پێشووی تێنسە و لە ئۆڵیمپیادی ٢٠٠٠ لە سیدنی یەکتریان ناسیووە و لە ساڵی ٢٠٠٩ چوونەتە نێو ژیانی هاوژینی.

سەرەرای ئەوەی ٩ ساڵ بەسەر چوونە نێو ژیانی هاوژینیان تێپەڕیووە، بەڵام فێدێرێر تەنانەت کاتێک لە دەرەوەی وڵاتیش بەشداری لە پاڵەوانێتییەکاندا دەکات، ئامادەنییە بەبێ هاوژینەکەی بخەوێت.

میرکا و هەر چوار منداڵەکەی لە هەموو پاڵەوانێتییەکدا هاوشانی فێدێرێری ٣٧ ساڵ دەچنە وڵاتی میوانداری پا ڵە و ا نێتییە کە و هەمیشەش پاڵپشتی تێنسزانە سو یسر ییە کە دە کە ن.



فێدرێر بە رۆژنامەی سەندەی تایمزی راگەیاندووە ئەوەندە منداڵەکانی خۆی خۆشدەوێت و لە نێوان گێمەکاندا زۆرجار دایبی منداڵەکانیشی دەگۆڕێت بۆ ئەوەی لە ژیانی میرکای هاوژینی تێبگات، کە بە رەچەڵەک سلۆڤاکییە و هەڵگری رەگەزنامەی سویسریە.

فێدرێر لەبەشیکی دیکەی قسەکانیدا دەڵێت، من هەموو شتێك بەبێ هاوژینەکەم رەتدەکەمەوە، تەنانەت نامەوێت منداڵەکانیشم لێمەوە دووربن، هەمیشە دەمەوێت لەگەڵم بژین، تەنانەت رێگە نادەم لە ژوورێکی دیکە یان لە تابقێکی دیکەی ئەو شوێنەبن، کە تێیدا دەمێنمەوە.

فێدێرێری خاوەنی ٢٠ نازناوی گراندسلام گوتیشی، دوای وازهێنانم لە یارییکردن منداڵەکانم دەبەمە قوتابخانە، بەڵام نازانم بە دیارییکراوی کەی واز دەهێنم.

# دهۆک دەیەوێت ئەمساڵ رکابەر بێت

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك كە ئەمساڵ لە یارییەكانی ئەم وەرزە بە ئاستێكی باش تێپەڕ دەبێت، دەیەوێت درێژەپێدەری ئەنجامی باش بێت لە یارییەكانی داهاتووی لە خولی نایابی یانەكانی كوردستان، جیاواز لە تیپەكانی تریش یانەی دهۆك ئەمساڵ بە ریتمی وەرزی رابردوو پشتی بە ژمارەیەك لە یاریزانانی كۆنی یانەكەی بەستووە و دەیەوێت بەم یاریزانانەش تیپەكەی بكاتە ركابەر لە خولی نایابی یانەكانی كوردستان، لەم بارەشەوە هەرمان ساڵح راهێنەری یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە شێوەیەكی گشتی لە ئاستی تیپەكەم رازیم كە ئەمساڵ لەم چەند یارییەی دەستپێك ئاستی باشیان پێشكەش كردووە، دەتوانم وەكو راهێنەری ئەو تیپە بڵێم ئاستمان بەگشتی رووەو پێشەوەچوونە و دەشتوانین ئەنجامی باشتر لە یارییەكانی داهاتوو تۆمار بكەین، وەكو راهێنەریش بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ هێنانی یاریزانی بیانی و پیشەگەر نیم، چونكە ئەو یاریزانانە ناوخۆییانە زۆر باشترن و سوودی زیاتریان دەبێت، ئێستا خۆمان یاریزانمان كەمە، بەڵام بڕیاری ئەوەم داوە كە پشت بە یاریزانانی ناوخۆیی ببەستم بۆ بەهێزكردنی پێكهاتەی یانەكەمان، ئەمساڵیش هیچ گۆڕانكارییەكم نەكردووە وەكو تیپ، تەنیا یاریزانانی پێشووترمانە كە وەرزی رابردووش لەگەڵ تیپەكەمان بوون و سێ یاریزانیشمان لە یانەی زاخۆ هێناوەو دەمانەوێ بەم یاریزانانە ركابەری سەرجەم یانە بەشداربووەكانی خولی كوردستان بكەین.» گوتیشی: «یانەی دهۆك یانەیەكی گەورەیە و خاوەن ناوێكی گەورەیە لە تۆپی پێی كوردستان و عێراق، بۆیە وەكو راهێنەری تیپی تۆپی پێی دهۆك متمانەی تەواوم بە خۆم و یاریزانەكانیش هەیە كە دەتوانین بەربەستی هەمووان ببڕین بۆ گەیشتن بە ئەنجامی باش، وەكو یانەش گرێبەستمان نەداوەتە هیچ یاریزانێك، تەنیا بە شێوەی مووچە یاریزانان یاری بۆ تیپەكەمان دەكەن، بۆیە ئەگەر گرفتی دارایی رێگر نەبێت لە بەردەممان دەتوانین ئەمساڵ ئاستێكی بەرز و شایستە لە سەرجەم یارییەكان پێشكەش بكەین لە خولی نایابی ئەمساڵ سەرجەم یانەكانیش ئاستیان باشە، بەڵام ئێمە بەهیوایەكی زۆرەوە هاتووینەتە نێو كێبڕكێیەكانی ئەم وەرزەی خولی نایاب».

# كوڕە كوردێک بووە پاڵەوانی لەشجوانی لە نوفیسی جیهانی



لە وڵاتی دانیمارك لە كیشوەری ئەورووپا پاڵەوانیەتی جیهانیی نوفیس ڕبە بەشداری چەندین یاریزانانی لەشجوانی لە وڵاتانی ئەورووپا بەڕێوەچوو. ساڵانە چەندین ئەستێرەی جیهانی لەسەرتاسەری جیهان لەم پاڵەوانیەتییە بەشداری دەكەن، هەریەك لە یاریزانان ئازاد هەمزە و ئارام عەلی بەشداریی ئەم پاڵەوانیەتییە جیهانییەیان كرد و توانییان بە مەدالیاوە بگەڕێنەوە بۆ كوردستان، لەم بارەشەوە ئازاد هەمزە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من و یاریزانێكی كورد بە ناوی ئارام لە پاڵەوانیەتی نوفیسی لەشجوانیی جیهانی لە وڵاتی دانیمارك بەشدار بووین، سەرەرای ئەوەی ئەو دوو پاڵەوانیەتی بوو، یەكیان لەسەر ئاستی پیشەگەران بوو، ئەوەی تریش لە نوفیس بوو، منیش وەكو كوڕە كوردێك بەشداریم لە پاڵەوانیەتی نوفیس كرد لە كێشی ١٠٠كگم و توانیم پلەی یەكەمی پاڵەوانیەتییەكە بەدەست بهێنم، ئەو ئەنجامەش بۆ من ئەنجامێكی گەورە بوو لە ناو ئەو هەموو یاریزانە جیهانییە كە من وەكو یاریزانێكی كوردستان بە ئاڵای كوردستان بەشداریم كردو توانیم ئەو ئەنجامە گەورەیە بەدەست بهێنم، زۆریش بە خۆشحاڵییەوە ئەو ئاڵایەم بەرز كردەوە، دواتریش نازناوێكی تریشم بەدەست هێنا و بوومە پاڵەوانی پاڵەوانەكان ئەو دوو ئەنجامەش بۆ من جێگای خۆشحاڵییەكی زۆر بوو كە لە ناو ئەو هەمووە یاریزانە جیهانییە كوردێك ئەنجامی دڵخۆشكەر بەدەست بهێنێ، كاك ئارامی هاوڕێشم پلەی دووەمی بەدەستهێنا، ئەو ئەنجامەش وام لێ دەكات كە لەمە بەدواوە زیاتر كاتی خۆم بۆ ئەو یارییە تەرخان بكەم بۆ ئەوەی لە پاڵەوانیەتییەكانی داهاتوو بتوانم ئاست و ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنم.

# پێشمەرگەی هەولێر کێشەی کەمیی گۆڵپارێز چارەسەر دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر دوای ئەوەی لە هەفتەکانی رابردوو دوچاری شکستێکی چاوەڕوان نەکراو بوو لە بەرامبەر یانەی دهۆك بە ئەنجامی (٥-١) گۆڵ، جیا لەوەش گۆڵپارێزی سەرەکیی یانەکە ئەحمەد بەشار بەر لە دەستپێکردنی یاری یانەی دهۆك دوچاری پێکان هات، بۆیە دەستەی کارگێڕی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەو گۆڵپارێزە و چارەسەر کردنی گرفتی پاراستنی تۆڕی گۆڵەکەی بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ گۆڵپارێز سەیف جەمیل مۆر کرد کە پێشووتر لە خولی عێراقی ئەرکی پاراستنی گۆڵی یانەکانی شورتە و دهۆك و تەلەبە و نەجەفی لەئەستۆ بووەو یەکێکە لە گۆڵپارێزە بەتواناکانی سەر ئاستی عێراق، هێنانی ئەو گۆڵپارێزەش بۆ ئەوەیە کە یانەی پێشمەرگەی هەولێر بتوانێ لە یارییەکانی داهاتوو ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنێت، لەم بارەشەوە کاوە ئیبراهیم راهێنەری گۆڵپارێز لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای ئەوەی ئەحمەد بەشار گۆڵپارێزی سەرەکیی تیپەکەمان دوچاری پێکان هات لە شانی و پێویستی بە نەشتەرگەری بوو، بۆیە بە ناچاری بیرمان لە هێنانی گۆڵپارێزی دیکە کردووە بۆ ئەوەی شوێنی ناوبراو پڕ بکەینەوە، دوای چەند دانیشتێك بۆ هێنانی یەکێك لە گۆڵپارێزەکان، لەگەڵ سەیف جەمیلی گۆڵپارێز رێککەوتین بۆ ئەوەی لە یارییەکانی ئەم وەرزە بەرگری لە تۆڕی گۆڵی یانەی وەرزشی پێشمەرگە بکات، ئومێد دەکەین بتوانین لە یارییەکانی داهاتوو ئاستمان زیاتر باش بکەین و وەکو گۆڵپارێزیش کاری زیاتر دەکەین بۆ ئەوەی هەرچی گرفت هەیە چارەسەری بکەین، گۆڵپارێزەکانمان بە شێوەیەکی باشتر ئامادە دەکەین بۆ یارییەکانی داهاتوو هەموو، هەوڵێکیشمان پێشکەوتنی یانەی پێشمەرگەی هەولێر و کێبڕکێکردنە لەسەر ئەنجامی باش لەم وەرزەی خولی نایابی کوردستان».



